# لەنێوان (سلێمانی) و(کابوڵ) دا!

**یەحیا عومەر ڕێشاوی**
yreshawy@yahoo.com



ئەبێ جیاوزیەکانی نێوان دیمەنی شەقام وساختمان وئاستی خزمەتگوزاریەکانی (کابوڵ)ی پایتەختی ئەفغانستان و(سلێمانی) پایتەختی روناکبیری هەرێمی کوردستان چی بێت ؟! ،ئەوان بەدەست کوچە وکۆلآنی قوڕاوی وجادەی پر لەچاڵ وچۆڵەوە دەناڵێنن وئێمەش هەمان دیمەن وهەمان سیناریۆ ،وەك لەکەناڵە ئاسمانیانەکەوە دەیبینین شەقەمەکانی (کابوڵ ) پریەتی لە دەستگێڕ وعەرەبانەی دەستیی وسوالکەر وکالآی فرێدراوی سەرجادە وماتۆری سێ تایی وسەرپێچی کردنی یاسا ،جادەکانی سلێمانیش هەمان ئەو وێنە دزێوانەی (بەشانازیەوە!) لەخۆ گرتوە و لە(دارەسوتاوەکەوە ) تا دەگاتە شەقامی (کاوە) و(دولار فرۆشەکان) بستێك جادە نابینی بەئاسانی گورزەری تێدا بکەی (ئەگەر شتێك مابێ پێی بوترێ جادە!) .

جاران سلێمانی بە (شارە حەیاتەکە) و (پارێزگا پاك وخاوێنەکە)دەناسرایەوە ،بەلآم ئێستە بێ دوودڵی دەتوانی نازناوی (گوندە گەورەکە) و(شارە جەنجاڵەکە)ی لێ بنێیت ،بێزاری دانیشتوانی ئەم شارەش لە ئاست شپرزی خزمەتگوزاریەکان وقەرەباڵغی سەرجادەکان وچاوەروانی بەردەم ترەفیکلایتەکان بۆتە باس وخواسی سەردانی شەوانەی خزمان وگەرمکەری کۆر وکۆبوونەوەکانی ئاپۆرای کارمەندە بێ ئیشەکان ومانەوەی سێ رۆژەی پرسەکان !

ئەمرۆ گەنجانی ئەم شارە وەك جاران بەساقە وبەقوربانی (بەردەرکی سەرا) و(سەهۆڵەکە) وجادەی (تووی مەلیك) نابن و ملی رێ بەرەو هەندەران دەگرن وئەو سیحرو کەمەندکێشیەی جاران بەبینینی ئەم شارە لەدڵی گەشتیارندا دروست دەبوو تا دێت کێرڤەکەی بەرەوخواردێت ،وسروشتی دڵرفینی دەوروبەری شار نەبوایە دەبوو دەمێك بوو فاتیحە بۆ ئەم شارە وجوانیە ئەفسوناویەکەی بخوێنین.

ئەوانەی رۆژانە ناچار دەبن گوزەرێك بۆ بەردەم (مزگەوتی گەورە ) وجادەی (ئۆرزدی) وئەوەی جاران پێی دەوترا شەقامی (مەولەوی) بکەن ،تووشی سەغڵەتیەکی بێ ئەناز دەبن وتادەگەنەوە لای پاسەکانیان ئاوات بەژیانێکی ئاسوودەی گوندێکی دوورە شارەوە دەخوازن ،بەتایبەت غەمی کەمیی ئاو وپچڕانی بەردەوامی تەزووی کارەبا ومامەڵەی زبری هەندێك لەبرا بەقاڵ وفرۆشیارەکان کۆڵەکەت قورستر دەکەن وژیانی رۆژانەت یەك پارچە لێ دەکەنە ماندووبوونی دەروونی وجەستەیی بێ ئەناز .

هەربۆیە جێی خۆیەتی وەك رەحمێك بەناو ومێژووی (پیرەمێرد ومەولەوی وگۆران وحەمدی) ناویان لەسەر ئەم شەقامە پر لەچاڵ وچۆل وجەنجالآنە بسرینەوە یان بە (هەڵواسراوی ) بمێنینەوە ،ودەکرێت بگۆردرین بەژمارەکانی (1,2,3,4.....) ،تائەو کاتەی ئەم شارە دۆخی ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە، وئەوکاتەش کەس بێزاری خۆی لە (مەولەوی) شاعیر و(پیرەمێردی) رۆژنامەنووس دەرنابرێت ،خۆ ئەگەر زۆر نیگەرانیش بوو با خەشمی خۆی رووبەرووی ئەو ژمارانە بکاتەوە نەك ئەو کەڵە پیاوانە!

رەنگە ئەوانەی بەئاوەداکردنەوە ورازاندنەوەی ئەم شارەوە سەرقاڵن بێزاری خۆیان لەم پەیڤانە دەربڕن وبە کەسێکی رەشبین ونەبینی جوانیەکان تۆمەتبارم بکەن ،بەلآم ئەوە موعاناتی زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارەیە ،بەتایبەت ئەوانەی بەخت یاوەریان بووە وسەردانێکی چەند شارێکی ئێران یاخود تورکیای دراوسێمانیان کردوە وحیکایەتی خزمەتگوزاریەکانی ئەوێ و وێرانی ئێرەمان بۆ دەگێرنەوە وهەناسەی قووڵیشی لەگەڵدا هەڵدەکێشن ،ئیدی ناچارین خۆمان هەر بە (کابوڵ) بشوبهێنین ،ئەگەر خوانەکردە ئەوان گلەییان نەبێت وسەرۆك شارەوانی (کابوڵ) سکالآیەکی یاسایی دژبە نووسەری ئەم چەند پەیڤە تۆمار نەکات !؟